## کێشی شیعری هەندێك شاعیری بۆکانی

کتێبی گەلێك بەنرخی مامۆستا عەزیزگەردی بە ناوی "ڕابەری کێشی شیعری کلاسیکی کوردی" دیاردەیەکی شازە لە لێکۆڵینەوەی بنچینەیی کێشی شیعری شاعیرانی "عەڕووزی وێژ" ی کورد دا.

مامۆستا بە نەفەسێکی گەلێك درێژ سەرجەمی دیوانی زیاد لە 82 شاعیری کوردی "تەقطیع" کردووە و "بەحر"ە عەرووزییەکانی هەموو غەزەل و چامەی ناو ئەو دیوانانەی پێ ناساندووین. شێوازی کارەکەی لەسەر " تەقطیع" کردنی مەتلەع - واتە فەردی یەکەمی هەر پارچە شیعرێکە و بەم شێوەیە سەر و بەری هەموو شێعرێکی ناو دیوانەکانی لە باری عەرووزی عەرەبەوە دەست نیشان کردووە.

من ناچمە سەر باسی ئەو گێرە وکێشەیەی وا لەسەر عەرووزی بوون و بڕگەیی بوون، هەروەها گونجاویی گۆڕانی ئەمیان بۆ ئەو و پێچەوانەکەی لە ئارادایە. بەڵام هەرچۆنێك بێت بەشی هەرە زۆری سەرمایەی شیعریی گەلەکەمان لە ڕابوردوو و تەنانەت ئێستاش، خۆ لە شیعری عەرووزیدا دەنوێنێت و بەم بۆنەیەوە خاوەنی گرنگایەتی تایبەتە.

شێوازی داڕشتنی کتێبەکە ڕێك و پێك و جێگەی بڕوایە و گەلێک یارمەتیدەری خوێندکارانی ئەدەبە. ئەوەی بۆکان بگرێتەوە و گەلێکیش گرنگە ئەوەیە کە 7 دیوانی 6 شاعیری ناوچەکەی تەقطیع کردووە. ئەم کارە پێشتر کەس نەیکردووە. ئەوەش بابەتەکان:

**ئەحمەدی کۆر**: لاپەڕە 62 ی کتێبەکە، لە سەر بنەمای دیوانی شاعیر چاپی ئەنیسی، سەرجەم 51 پارچە شیعر؛ بەحری شیعرەکان: ڕەمەل، ڕەجەز، هەزەج، بەسیت.

**مسباحوددیوانی ئەدەب**: لاپەڕە 76 ی کتێبەکە، لە سەر بنەمای دیوانی شاعیر چاپی هەولێر، سەرجەم 76 پارچە؛ هەروەها لاپەڕە 83 ی کتێبەکە، لە سەر بنەمای دیوانی شاعیر چاپی بەغدا، سەرجەم 12 پارچەی تر؛ بەحری شیعرەکان: هەزەج، ڕەمەل، موزاریع، ڕەجەز، سەریع، موتەقاریب، موجتەس.

**عەبباس حەقیقی**: لاپەڕە 223 ی کتێبەکە، لە سەر بنەمای دیوانی شاعیر چاپی ئینتیشاراتی سەلاحەددین، سەرجەم 56 پارچە؛ بەحری شیعرەکان: هەزەج، ڕەمەل، موزاریع، ڕەجەز، خەفیف، سەریع.

**سەیفولقزاتی قازی**: لاپەڕە 347 ی کتێبەکە، لە سەر بنەمای دیوانی شاعیر چاپی ئەحمەدی قازی، سەرجەم 18 پارچە؛ بەحری شیعرەکان: هەزەج، موزاریع، ڕەمەل.

**مەلامارفی کۆکەیی**: لاپەڕە 543 ی کتێبەکە، لە سەر بنەمای دیوانی شاعیر چاپی سەییدیان، سەرجەم 50 پارچە؛ بەحری هەزەج، ڕەمەل، موزاریع، موجتەس، خەفیف.

**خالید حیسامی (هێدی)**: لاپەڕە 747 ی کتێبەکە، لە سەر بنەمای دیوانی شاعیر 'کاروانی خەیاڵ'، سەرجەم 76 پارچە؛ بەحری شیعرەکان: ڕەمەل و هەزەج.

عەزیز گەردی،*"رابەری کێشی شیعری کلاسیکی کوردی - لێکۆڵینەوەی ئەدەبی"* ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریان، هەولێر، 2003، 790 لاپەڕە، کوردی.